# بەرامبەرکێی ئەشکەنجەدراوان و ئەشکەنجەدەران

ن: فەراز رەها
farazraha@yahoo.com
وەرگێڕان لە فارسیەوە: ئاسۆ ئیسلام پەنا
mnasom@hotmail.com

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین شیکردنەوەیەکمان بێت لەسەر ئەوەی کە پێی دەڵێن رەوتی نوێی تەواب دروست کردن لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە و بە ئاماژە بە دەستێوەردانی گەورە دەسەڵاتدارانی حکومەت لە پەروەندەی وێبلاگ نووسەکان کە وتەی دژ بە یەکی لە لایەن ئەوانەوە لێکەوتەوە،کەشی زاڵ بەسەر سیاسەتی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامی و پێگەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی سایتەکان و چۆنیەتی هەڵس‌وکەوت کردن لەگەڵ ئەم توێژە لێکدەدەینەوە.

دوایین رای گرینگ لەمبارەیەوە، بۆچوونەکانی مووسەویی لاری وەزیری ناوخۆی کابینەی خاتەمیە. لاری لە بڕیارێکدا بۆ فەرماندەی هێزی ئینتزامی، خوازیاری سزادانی تاوانباران بوو. ئەو کارەی مووسەوی دوای ئەوە بوو کە شاهروودی سەرۆکی دەزگای قەزایی بڕیاری دا ئەو پەروەندەیە لە دادسەرای تاران وەرگیرێتەوە و هەروەها کۆمیتەیەکی تایبەتی بۆ پێك بێت.

بە وردبوونەوە لە بڕیارەکانی گەورە بەرپرسانی دەوڵەت بۆ پێڕاگەیشتن بەم پەروەندەیە، ئاستی لایەنی بوونی پەروەندەکە و شاراوە نەمانەوەی بۆ هەموان دەردەکەوێ.

جێ و شوێنی ئەم پەروەندەیە لە روانگەی رژیمەوە:

أ_ پەروەندەی سایتە ئینتێرنێتیەکان لە شوێنێك لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە کە بە تەواوی، چ ناوەندی بڕیاردەر و چ ئەو هەموو کۆسپەی تاوان لێدراوان تا گەیشتن بە دادگا لێی تێپەڕین، لە ژێر دەسەڵاتی باڵی پاوانخوازدایە، هەربۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تاوانی ئەشکەنجە و دان پێدانان لەژێر گوشاردا بە تەواوی نێوچاوانی پاوانخوازان دەگرێتەوە و ئەوان بە ئەوەی بیانهەوێ کەوتوونەتە بەردەم گوشاری پرسیارە بێکۆتاییەکانی رای گشتی. هەر بۆیە ئەو باڵە دەبێ لە هەوڵی ئەوەدابێ بە باشترین شێوە هەم بەر بە هەل قۆستنەوەی باڵی بەرامبەر بگرێ و هەرم نەهێڵێ ئیعتباری نەبووی خەوشدار بێت. ئەو کۆمیتەیەی شاهروودی بۆ بەدواداچوونی ئەو رووداوە هەڵیبژاردووە، مەبەستە شاراوەکانی ئەم ئەرکەی ئاشکرا کردووە، بەو هۆیەی یەکێك لەوان بە ناوی جەماڵ کەریمی‌راد کە وتەبێژی دەزگای قەزاییە بەم دواییانە لە دژکردەوەیەکدا بەرامبەر بە گشتگیر بوونەوەی پرسیارەکانی خەڵك لەمەڕ ئەشکەنجەی تاوان لێدراوان، جەختی لەسەر سزادانی ئەو کەسانە کردەوە کە ئەشکەنجە

کردنی ویبلاگنووسانیان ئاشکرا کرد و کێشایانه ناو هەواڵەکانەوە. ئەو قسانە دەیسەلمێنێ کە کۆمیتەکەی شاهروودی بەر لەوەی ئەرکی ناساندنی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەشکەنجەدانی ویبلاگنووسانی لەئەستۆ بێت، پێی سپێردراوە هەرچی خێراتر لەقاودەری هەواڵەکە بدۆزێتەوە و ئەوکات بە گرتن و سازدانی نمایشێکی تلویزیۆنی، گیراوەکە دان بەوەدا بنێ کە لە ژێر کاریگەریی (زیددی ئینقلابدا) ویستوویەتی سیمای کۆماری ئیسلامی خەوشدار بکات و پاشان بە ناوی شێواندنی رای گشتی، بۆ لەبیرکردنی ئەم پەروەندەیە، پەروەندەیەکی دیکە ساز بکرێ. ئەشکەنجە دراوانیش بە بانگ کرانی بەردەوام و تەلەفۆن لێ کردن، بخرێنە دۆخێکەوە کە دەست لە بەدواداچوونی پەروەندەکەیان هەڵگرن.

ب_ باڵی ئیسلاحخوازی دینیش کە تا چەند مانگیتر دەوڵەتی لەدەست دایە، لەگەڵ ئاڵۆز بوونی پەروەندەکە وە قسە دێت و بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرەکانی خۆی، لە هەوڵی ئیمتیاز گرتن لە باڵی بەرامبەردایە.

هەروەك ئاماژەمان پێکرد، وەزیری ناوخۆی کابینەی خاتەمی بڕیاری بە سزا گەیاندنی تاوانبارانی پەروەندەکەی بە هێزی ئینتزامی داوە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە هەمووان دەزانن هێزی ئینتزامی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا نیە و بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی مامەڵەی دەوڵەتی خاتەمی و هێزی ئینتزامی لە رووداوە جۆراوجۆرەکاندا، ئەوە بە مێشکدا دێت کە وەزیرەکانی کابینەی خاتەمی هێندە دەستیان لە بڕیارداندا ناڕوات و بڕیاری یەکلاکەرەوە لە لایەن کەسانی دیکەوە دەردەچێ. بەوپێیە دەوڵەتی خاتەمی، هەرگیز بیر لە داکۆکی کردن لە ئەشکەنجەدراوان ناکاتەوە، بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکە و لەورووەوە کە ئەو پەروەندەیە لە ئاستی جیهانیدا دەنگی داوەتەوە و پارلمانی ئورووپا لە دژی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران راگەیاندنی دەرکردووە، ریفۆرمخوازان بە نیازن بە خستنە رووی سیمایەکی حەقخواز لە خۆیان لەو پەروەندەیەدا، تاوانەکان بخەنە پاڵ باڵی بەرامبەر و بە زەق کردنەوەی ئەوە، ئیمکانی مانۆڕدانی پاوانخوازان لە دیپلۆماسیی دەرەوەدا کەم بکەنەوە و لەگەڵ ئەوەش بڕێك دەنگ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری کۆبکەنەوە.

بەگشتی بەرخوردی هەردوو باڵەکەی کۆماری ئیسلامی مامەڵە کردنە بە مافی مرۆڤەوە کە کردوویانە بە پەیڕەی سیاسەتە دژە خەڵکیەکانی خۆیان و ئەوەی بەر لە هەر شتێك قوربانی دەبێت مافی مرۆڤە.

جێ و شوێنی ئەشکەنجەدراوان لە پەروەندەکەدا:

تاوان لێدراوانی سایتە ئینتێرنێتیەکان و هەڵسووڕاوانی چاپەمەنی، لەگەڵ ئەوەی لە کاتی زیندانی بوونیاندا لەگەڵ وەحشیانەترین گوشار بەرەوڕوو بوون، قسەکانی خۆیان لەسەر تلویزیۆن بە دوور لە راستی دەزانن، بە راستی نازانن دەستەوداوێنی کوێ بن هەتا وڵامی خواستەکانیان بداتەوە. لایەنی

بەرامبەرەکەیان دادستانی تاران، سەعید مورتەزەویە، کە هەر حوکمێکی دڵخوازی داوە. ئەشکەنجەدراوان کە بە دڵنیاییەوە بە بڕیاری راستەوخۆی ئەو ئەشکەنجە دراون، دەبێ پەنا بەرنە بەر کوێ؟ بەوحاڵەوە کە لایەنێکی پەروەندەکە خودی قازی مورتەزەویە، سکاڵا بردنە لای دادستانی تاران، تەنیا سکاڵابردنی ئەشکنجەدراوانە بۆ لای ئەشکەنجەدەر.
ئەشکەنجەدراوان سەرەڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە، بەوجۆرەی لە قسەکانی وتەبێژی دەزگای قەزاییەوە دەردەکەوێ، لەبەردەم هێرشێکی دیکەی دەزگای قەزاییدان. پێداگریی وتەبێژی ئەو دەزگایە لەسەر نایاسایی بوونی ئەو لەقاودانانە، ئەوە ئاشکرا دەکات کە بە پێچەوانەی چاوەڕوانیە ساویلکانەکان، هیچ شتێك پێش بە تیمی ئەشکەنجەدەران و بەرپرسانی سەر بە سەعید مورتەزەوی و رمبازێنی سەرکوتگەرانەی ئەم تیمە لە بێدادگاکان و زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ناگرێ. ئەشکەنجەدراوان بە دڵنیاییەوە لەو قۆناغەشدا کە وەك سکاڵابەر دەرکەوتوون، جیا لەوەی کە دەزانن پەروەندەی مورتەزەوی رەشتر لەوەیە کە ئەوان سکاڵای خۆی بەرنە لای خۆی، بەو ترسەوە شەو و رۆژ بە یەکەوە گرێ دەدەن کە بۆ دەزگایەکی وەك دەزگای قەزایی رژیمی ئیسلامی، کە بە هۆی دڵڕەقی و بێعەداڵەتیی دادوەرەکانی و گەندەڵیی بەربڵاوی کاربەدەستان و روانگەی فاشیستانەی بەرپرسەکانی ئیعتبارێکی بۆ نەماوە و ئەو بێئیعتباریە پێڕاگەیشتن بە پەروەندەکە تووشی بەربەست دەکات، دوور نیە کە بخرێنەوە دۆخی تاقەت پڕوکێنی سەردەمی دەست بەسەر بوون.
ئەنجام:
1_ رژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەر دوو باڵەکەیەوە تەنیا لە هەوڵی پینە کردنی بێئیعتباری و سیمای رەشی کۆماری ئیسلامیدایە و لەو نێوانەدا هەرکام لە هەوڵی قورستر بوونی تای تەرازوو لە بەرژەوەندیی خۆیدایە.
2_ لەو رووەوەی کە روانگەی زاڵ بەسەر سیاسەتی ئێراندا، روانگەیەکە کە بڕوای بە شاردنەوەی جنایەت و ئەشکەنجە لە کۆماری ئیسلامیدایە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەیان لە هەر چەشنە زیانێك بەدوور بێت و لە بەرامبەردا رووناکبیران و بیرجیاوازان و هەڵسووڕاوانی سیاسی بکەونە بەر هێرش، لێرەش وا جولاوەتەوە و دەشجولێتەوە. ئەزموونی لە خوێن وەردانی کوی دانشگا بە دەستی حیزبولا و لیباس شەخسیەکان کە دادگای لێپرسینەوەکەی بە سزادانی گروهبانێك کۆتایی پێهات و ئەوانەی بە چەقۆ و چەکی گەرمەوە ئەو جنایەتە بێوێنەیان خولقاندبوو بە بێتاوان ناسران، وەك ئەزموون، دیمەنێکی باش ناخاتە بەردەم وێبلاگ نووسان.
3_ چارەنووسی پەروەندەی وێبلاگ نووسان لە رێی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە و دەرکردنی بڕیاری دەوڵەتیەوە بە ئەنجامێك ناگات، لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە رێی ئەم کۆمیتانەوە جەوهەری

خۆی بەرجەستە ناکات و ئەوە بە دڵنیاییەوە لەسەر بناغەی بیرۆکەی شکست خواردووی ریفۆرمخوازانی دەوڵەتی دامەزراوە لەمەڕ پێکهێنانیکۆمیتەی تایبەت بۆ رووداوەکانی وەك قەتڵە زنجیرەییەکانە و کارەساتی کوی دانشگا، کە ناراست بوونی خۆی لە قۆناغێکی هەشت ساڵەدا سەلماندووە.

کۆتایی ئەوەی کە، پەروەندەی ئەشکەنجە کرانی وێبلاگ نووسان و زنجیرەی تازەی تەواب دروست کردن تووشی چارەنووسی پەروەندە هاوشێوەکانیتر دەبێ و بە ئەگەری زۆرەوە راستیەکانی ئەو پەروەندەیە و جنایەتەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی بە بەڕێوەبەرایەتیی هەر ئەو کاربەدەستانەی دەسەلات، 50 ساڵی دیکە و دوای رووخانی کۆماری ئیسلامی، لە چوارچێوەی کتێبێکدا لەژێر ناوی "بیرەوەریەکانی دەوڵەتی لەسەر کار نەماو" دێتە ناو بازارەوە.